
راندەڵ والاس

# دڵێکی ئازا




دڵێکی ئازا چیرۆکێکی راستەقینەیە دەربارەی ویلیام والاس، کوڕێکی گەنج کە ناخۆشی زۆری بینی و گەورە بوو و بوو بە شەڕکەرێک. چیرۆکەکەی دەربارەی خۆشەویستیی بۆ کچێکی سکۆتی جوان و بەهێز و هیوای بۆ خۆی و وڵاتەکەی، دەربارەی هێرشەکانی یاخیبووەکان و جەنگە سامناکەکان، دەربارەی پاشای

**ویلیام والاس لە ناو ئاپۆڕایەکی گەورەدا لە ٢٣ی ئابی ساڵی ١٣٠٥ بە هێواشی مرد، ئینگلیزەکان بە ناشیرینی لەشیان شێوان، تا داوای بەخشین بکات، بەڵام ئەو وای نەکرد. لە کۆتا چرکەکانی ژیانیدا هامیش و ستێپهانی بینی لە ناو قەرەباڵغییەکەدا، و لە پشتی ئەوانیشەوە مۆڕۆنی بینی. بۆ ساتێک هەستی بە بەهێزی کرد،و هاواری کرد" ئێمە ئازاد دەبین!"**

**لە ئینگلیزییەوە:**
**هاوژین یاخی ساڵەیی**

ئینگلیز كه دەیویست سكۆتلاند بەدەست بێنێت، دەربارەی كۆبونەوە نهێنییەكان و پیلانەكانی یاخیبووەكان لە سكۆتلاندا، و دەربارەی میرخاتوونێكی فەڕەنسیی جوانە.

چیرۆكی دڵێكی ئازا كراوە بەفیلمێك كە تێیدا میل گیبسۆن ڕۆڵی ویلیام والاس و سۆفی مارسیو ڕۆڵی میرخاتوون ئیزابێلا دەبینێت. ئەم فیلمە یەكێك بووە لە باشترین فیلمەكانی ساڵی ١٩٩٥.

نووسەری ئەمریكی ڕاندەڵ والاس یەكەمین كەس بووە كە دەربارەی ویلیام والاسی بیستووە ئەویش كاتێك كە سەردانی قەڵای ئیدنبوری كردووە لە سكۆتلاندا. هەرچەند زیاتری زانی دەربارەی ویلیام، زیاتر ویستی كە چیرۆكەكەی ڕابگەیەنێت.

خێزانەكەی ڕاندەڵ والاس پێش چەند ساڵێك لە ئیرلەندا و سكۆتلاندەوە ڕۆیشتن بۆ ئەمریكا. خێزانەكەی جووتیار بوون، هەروەك خێزانەكەی ویلیام والاس و كێڵگەیان دەكری لە تێنسی لە باشووری ئەمریكادا. ڕاندەڵ لەوێ لە دایك بووە، بەڵام ئێستا لە باشووری كالیفۆڕنیادا دەژی لەگەڵ هاوسەرەكەی و دوو كوڕەكەیدا.

دڵێكی ئازا پەنجایەمین داستانیەتی. هەروەها ڕاندەڵ بەخۆی سیناریۆی فیلمەكەی نووسیوە.

ساڵی ١٢٧٦ بوو. لە ناو دۆڵێكی سكۆتی ئارام و خۆریندا، گرووپێك لە خانەدانانی سكۆتی بەڕێكەوتن بە ئاراستەی كێڵگەیەك. خانەدانەكان جلی گرانبەهایان پۆشیبوو و بە سواری ئەسپی چاك بەڕێكەوتن. هەر خانەدانێك كوڕێكی لەگەڵدا بوو، بەڵام ئەوان هیچ چەكێكیان هەڵنەگرتبوو، چونكە ئەوە كۆبونەوەیەك بوو سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ.

وڵاتی سكۆتلاند بێ پاشا بوو. پاشای پێشوو مرد بەبێ جێهێشتنی كوڕێك یاخۆ كچێك. پاشای ئینگلیزی ـ ئێدوارد ئای، ویستی پاشایەكی نوێ هەڵبژێرێ بۆ سكۆتلاند. خانەدانە سكۆتییەكان ویستیان خۆیان فەرمانڕەواكەیان هەڵبژێرن، لەبەرئەوە شەڕ هەبوو لە نێوانیان. شەڕ درێژەی كێشا و شتەكان جیاوازبوون ـ خۆراك نەبوو، چونكە جووتیارەكان بۆ خانەدانەكان شەڕیان دەكرد. ئێدوارد ئای ـ كە بە ناوی "قاچ درێژ" بانگیان دەكرد، چونكە خاوەن دوو قاچی درێژ بوو، بانگەوازی كرد بۆ وەستاندنی شەڕ. ئازاترینی خانەدانەكان كە چەكەكانیان لە دواوە بەجێهێشت. هاتن بۆ شوێنی كۆبونەوەكە كە بینایەكی كشتیاریكردن بوو دەگەڕایەوە بۆ كشتیارێك كە ناوی ماك ئاندروس بوو. ئەسپەكانیان لە دەرەوە بەستەوە و چوونە ژوورەوە.

یەكێك لە جووتیارە دراوسێكان پیاوێك بوو ناوی ماڵكۆم والاس بوو. پیاوێكی بەهێز و

ئازابوو کـە دەیـویست سکۆتیـیـەکـان فـەرمـانڕەوایـی سکۆتلاند بکەن. دوو کـوڕی هـەبوو یەکێکیان جۆن کە تەمەنی ١٨ساڵ بوو، ئەوی تریان ناوی ویلیام بوو کە ئەو کاتە تەمەنی تەنیا ٧ ساڵ بوو. ویلیام چاوەکانی وەک چاوی باوکی شین بوون. کاتێ کە ویلیام لە دایک بوو هاوسەرەکەی ماڵکۆم مرد.

لە دوایـیدا لە هەمان ڕۆژدا، ماڵکۆم لەگەڵ جـۆن بەرەو کێڵگەی ماک ئاندروس بەڕێکەوتن، کە ئامێری کێڵگەییان لەگەڵ خۆیان وەکو چەکێک هەڵگرتبوو. ویلیام تەماشایانی کرد. ئەو باوکی خۆش دەویست و دەیویست وەکو ئەو بێ، بە ئەسپەکەی خۆی لە دوایانەوە بەڕێکەوت. ڕاوەستان لەسەر گردێک لەسەرەوەی کێڵگەکە، ماڵکۆم بە ویلیامی گوت "لێرە بمێنەوە" کاتێ کە ماڵکۆم و جۆن گەیشتنە بینای کشتیاریکردنەکە هەموو شتێک ئارام بوو، هیچ کەسێک و هیچ ئەسپێکی لێ نەبوو. چەکەکانیان هەڵگرت و ئامادەبوون و پاڵیان بە دەرگەکەوە نا و کە سەیری ژوورەوەیان کرد، سی خانەدان و سی کوڕ لەگەڵ جووتیارێک هەموویان لە ملیانەوە بەسترابوونەوە و مردبوون. گوێیان لە دەنگێک بوو لە پشتیانەوە و بەخێرایی ئاوڕیان دایەوە، ویلیام بوو کە لەوێ ڕاوەستابوو و سەیری لاشەکانی دەکرد. جۆن هاواری کرد"ویلیام! لێرە بچۆ دەرەوە". لە سەرەتادا ویلیام باوەڕی نەدەکرد کە لاشەکان ڕاستین، لە دواییدا دەستی لە لاشەیەک دا و درکی بە ڕاستییەکە کرد. بەبینینی ئەو دیمەنە ناخۆشە چاوەکانی داخست و ڕای کرد بەملا و ئەولادا و بە لاشەکان دەکەوت. ماڵکۆم، ویلیامی گرت و هەڵی گرت و گوتی "بکوژە ئینگلیزەکان".

ئەو شەوە گرووپێک لە پیاوە ڕەسەنەکان کۆ بوونەوە لە کێڵگەی والاس، ویلیام لە دەرگەکەوە گوێی گرت. ماڵکۆم گوتی"ئەو خانەدانانەی کە ویستیان شەڕ بکەن مردن، بۆیە دەبێ بۆ ئینگلیزەکانی بسەلمێنین کە ئێمە مل بۆ ئەوان کەچ ناکەین و، ئێمە پیاوین نەک سەگ". لە ڕۆژی دوایـیدا بەڕێکەوتن بۆ هێرشکردنە سەر ئینگلیزەکان. ویلیام لە ماڵەوە مایەوە و یاری لەگەڵ هامیشی هاوڕێیدا دەکرد، لە یارییەکەدا شەڕیان لەگەڵ ئینگلیزدا دەکرد. شەو داهات، ویلیام لە چاوەڕوانیدا لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، باوکی و براکەی نەگەڕانەوە. بەڵام بۆ بەیانی گەڕانەوە ـ کامپبیلی پیر کە باوکی هامیش بوو لاشەی باوک و براکەی ویلیامی هێنایەوە.

کامپبیلی پیر بە سۆزەوە گوتی"ویلیام...کوڕم وەرە ئێرە". ویلیام کە تەماشای کرد چاوەکانی داخست و ڕووی وەچەرخاند بەڵام لاشەی باوکی و براکەی هەرلەوێ بوون.

ویلیام لەسەر گۆڕەکانیان ڕاوەستا و دراوسێکانی تەماشایان دەکرد و خەیاڵی ئەوەیان دەکرد کە ئیتر ئەو چی لێ بەسەر دێ؟ کچێکی تەمەن ٥ ساڵان کە قژێکی سووری درێژی

هەبوو بەرەو رووی هات و گـوڵێکی دایە دەست ویلیـام کـە گـوڵێکی مـۆری سکۆتلاند بوو. تەماشای یەکتریان کرد و ئینجا کچەکە بەرەو دواوە گەڕایەوە بۆ لای دایکی. پیاوێکی درێژی رەش پێست بە ئاراستەی قەرەباڵغییەکە کەوتە رێ و نزیکی ویلیام راوەستا، ویلیام سەیری کرد و گوتی "مامە ئارگیلی؟". ئەو شەوە ویلیام و مامەی پێکەوە دانیشتن لەسەر مێزەکە. ئارگیلی ژن و منداڵی نەبوو، بەڵام دەبێ کە ویلیام لەگەڵ خۆی ببا، شمشێرەکەی ماڵکۆمی دانا و ویلیام هەوڵی دا بەرزی بکاتەوە.ئارگیلیش ئاماژەی بۆ سەری ویلیام کرد و گوتی"تۆ لە سەرەتادا فێر بە چۆن ئەمە بە کار بێنی و لەدوایـیدا من فێرت دەکەم کە چۆن ئەوەیان بەکاربێنی". ویلیام شتی زۆری لەگەڵ خۆیدا نەبرد بۆ ماڵی ئارگیلی، تەنیا جلی بووکێنی دایکی و شمشێرەکەی باوکی. کە کێڵگە چۆڵەکەیان بەجێ هێشت ویلیام تەنیا یەک جار ئاوڕی دایەوە.

لە دوای چەند ساڵێک، شاژنێکی گەنجی جوانی فەرەنسی بەرەو ژووره گەورەکانی قەڵاکەی لەندەن بەڕێوە بوو. چووە ناو ژوورێکی گەورەوە، "قاچ درێژ"کە باڵابەرز و سەرنجڕاکێش بوو، لە بەردەم خانەدانەکانی راوەستا بوو و ئیزابێلای بینی.

هاواری کرد "کوانێ کوڕەکەم؟ من لە دوای ئەوم نارد ئەویش تۆی ناردووە، هاوسەرە تازەکەی! چۆن دەبێ کوڕی پاشای ئینگلاند ئەوەندە ترسنۆک بێت" چاوەکانی زۆر تووڕە دیاربوون.

ئینجا رووی کردەوە خانەدانەکانی و گوتی"من دەمەوێ فەرمانڕەوایی فەرەنسا بکەم، بەڵام یەکەم جار دەبێ فەرمانڕەوایی سکۆتلاند بکەم... خانەدانەکانیش کلیلی دەرگەی سکۆتین، ئێمە دەبێ زەوی ئێرە واتە زەوی ئینگلاند بدەین بە خانەدانە سکۆتییەکان. ئێمە دەبێ لە زەوییەکانی سەروو و زەوییەکانی خوارووی سکۆتلاند بدەین بە خانەدانەکانی خۆمان".

یەکێک لە خانەدانە پیرەکان گوتی "بەڵام خەڵکانی ئێمە نایانەوێت لە نێوان سکۆتییە یاخیبووەکاندا بژین"."قاچ درێژ"یش گوتی "کەوابوو ئێمە شتێکی باشتر پێشکێش دەکەین ئەوەش بە گەڕاندنەوەی ئەو یاسا کۆنەی کە ناوی "شەوی یەکەم"ە، ئەو کچەی کە لەسەر زەوی خانەدانێکدا دەژی دەبێ شەوی ئاهەنگی هاوسەرگرتنی لەگەڵ خانەدانی ئەو ناوچەیەدا بباتە سەر، نەک لەگەڵ هاوسەرەکەیدا".

ئیزابێلا خوێنی لەشی سارد بوو و بیری لە شەوی هاوسەرگرتنەکەی خۆی کردەوە کە چۆن بەسەر چووە، هاوسەرە تازەکەی لەگەڵیدا نەچووە ژووری نووستن بەڵکو وای پێ پەسەندبوو بوو کە لەگەڵ هاوڕێکەیدا بێت کە ناوی "پیتەر"ە."قاچ درێژ" تەماشای دەکرد و پێ دەکەنی.

ماوەیەکی کورت دوای ئەوە لە دووری چەند میلێک لە باکووری لەندەندا گرووپێک لە

ئەسپسوار لەسەر گردەکانەوە بەرێکەوتن بۆ قەڵای ئێدنبور. لە ناوەراستی گرووپەکەدا پیاوێکی گەنجی سەرنجراکێش کە لەسەر ئەسپێکی چاک بوو، شانەکانی بەهێز بوون و شمشێرێکی قورسیشی هەڵگرتبوو لەگەڵ خۆیدا. رۆبێرت کە حەڤدەیەمین ئیرل بوو لە بنەماڵەی برووسدا پیاوێکی جەنگاوەر بوو.

بیست و چوار خانەدانی سکۆتی هەموویان هاورێی رۆبێرت "بروس" بوون، دانیشتن لە دەوری مێزێکی گەورەدا لە ژوورێک کە لە چەقی قەڵاکەدا بوو. کاتێک رۆبێرت "بروس" هاتە ژوورەوە ئەوان بێدەنگ بوون. رۆبێرت "بروس" دەیویست ببێ بە پاشای سکۆتلاند و ئەو پیاوانەش لە پاڵ ئەودابوون. خێزانێکی تری سکۆتی کە ناوی "باڵیۆڵ" بوو ئەویش دەیویست فەرمانرەوایی بکات و ئەوانیش هاورێی زۆریان هەبوو هەروەک خێزانی بروس، لە نێوان ئەو دوو خێزانەشدا شەر هەبوو. پیاوە باڵیۆڵییەکان و بروسییەکانیش هەموویان ئازا و بە جەرگ بوون، بەڵام خەڵکی نەیانەدەتوانی متمانەیان پێ بکەن، چونکە ئەوان یەکەم جار تەماشای خۆیانیان دەکرد ئینجا سکۆتلاند. هەندێ جار لە پاڵ ئینگلیزەکان شەریان دەکرد و هەندێ جاریش لە دژیان.

ئاغا "مۆرنەی" کە خانەدانێکی گەنج بوو و هاورێی رۆبێرت بوو گوتی «خەڵکی دەیانەوێ ئێستا ئێمە شەر بکەین و ئەوان زۆر توورەن لەسەر ئەم یاسا تازەیەی ئینگلیز کە ناوی "شەوی یەکەمە".»

رۆبێرت گوتی "دەبێ ئێمە چاوەرێ بکەین تاوەکو ئامادە دەبین".

رۆژەکانی گەشت لە ئێدنبوردا جیهانێکی جیاواز بوو. لەنارک گوندێک بوو کە شەقامەکانی ناخۆش و خانووەکانیشی لە بەرد دروست کرابوون، بازارێکشی لێ بوو کە بۆ جووتیارە رەسەنەکان و شوێنی یەکتر بینینی خەڵک بوو. ئەمرۆ رۆژ رۆژی بازار بوو کە مۆسیقا و سەماکردن و هەروەها خواردنی چاک و بیرەشی لێ بوو رۆژەکانی بازار لەبار بوو بۆ فەرمانرەوا ئینگلیزەکان کاتێک کە خەڵکی بۆ خۆیان کاتی خۆشیان دەبردە سەر، ئەوان شەریان نەدەکرد.

خەڵکەکە پیاوێکی گەنجیان بینی کە بۆ گوندەکە دەچوو. چاوەکانی شین بوون و پرچیشی قاوەییەکی کاڵی مەیلە و زەرد دەبریقایەوە. لەبەر خۆرەکە. جل و بەرگی جووتیاری لەبەردابوو، بەڵام وەکو جووتیارێک دەرنەدەکەوت. لەگەڵ ئەو توانا و لەشە بەهێز و روخسارە زیرەکەیدا بەسام دەردەکەوت. هەموو کەسێک تێبینیی گەیشتنی کەسێکی نوێیان کرد. کامپبیلی پیر ئێستا پرچە سوورە کاڵەکەی بەرەو رەنگی خۆڵەمێشی دەچێت، لەگەڵ هاورێ پیرە یاخیبووەکەیدا کە ناوی ماک کلانۆف بوو تەماشای دەکرد. پیاوە گەنجەکە لەسەر

ئەسپەکەی هاتە خوارەوە و بە ناو قەرەباڵغییەکەدا ڕەت بوو.

کامپبێلی پیر بە ئارامییەوە گوتی"ماک کلانۆف... دەبێ ئەوە.. ویلیام والاس بێ ؟"

مۆڕۆن ماک کلانۆفیش تەماشای دەکرد. ئەو ئێستا جوانترین کچە لە گوندەکەدا، بەڵکو لەوانەیە لە هەموو سکۆتلاندیشدا، بەقژە سوورە درێژەکەیەوە . لە ناو کۆمەڵێک کچدا ڕاوەستا بوو. ویلیام ئەوی بینی. ئایا ویلیام ئەوی دێتەوە یاد؟ ویلیام دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ مۆڕۆن بەڵام هەر لەو ساتەدا هاوڕێ کۆنەکەی "هامیش" لێی هاتە پێشەوە و هەردووکیان پێکەنین.

هامیش پرسی "ئایا گەڕاویتەتەوە بۆ کێڵگەکەی باوکت؟". ویلیامیش گوتی "بەڵی. خۆشحاڵم کە دووبارە تۆ دەبینمەوە". تەوقەی لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانی باوکی کرد. تازە باران دەباری هەموو چوونە ژوورەوە تەنیا ویلیام نەبێت. ئەو ڕاوەستا و تەماشای بارانەکەی کرد.

ئەو شەوە ویلیام لە بەر دەرگەی ماڵە جووتیارێک ڕاوەستا و ئەو سالانەی دەهاتەوە بیر کە لەوێ لەگەڵ باوکی و براکەی بەسەری بردبوو. بەناو دۆڵەکەدا تەماشای خانووەکەی ماک کلانۆفی کرد کە بە جوانی بە ناو باوبارانەکەدا دووکەڵی ئاگری چێشتخانەکەیان بەرز دەبووەوە بۆ ئاسمان.

خێزانی ماک کلانۆف سەرسام بوون بەوەی کە گوێیان لە دەنگی دەرگەلێدان بوو بەوکاتە درەنگە. کاتێ کە ماک کلانۆف دەرگەکەی کردەوە ویلیام والاسی لێ بوو کە لە دەرەوە لەبەر بارانەکە بوو لەسەر ئەسپەکەی.

ویلیام پرسی "ئێوارە باش، ئایا دەتوانم قسە لەگەڵ کچەکەتدا بکەم؟". ئینجا گوتی "مۆڕۆن، ئایا حەز دەکەی پیاسەیەک بکەی بە سواری ئەسپ لەم ئێوارەیەدا؟".

پێش ئەوەی دایک و باوکی مۆڕۆن بڵێن نا، مۆڕۆن خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکە لە پشتەوەی ویلیامەوە و لە نێوان دارەکاندا دیارنەمان. ڕۆیشتن بۆ سەرەوە بەرەو گردەکان. چوونە ناو کۆمەڵێک دارەوە. لە لایەکەی تری دارەکاندا زەوییەکی لێژی لێ بوو، ئەوانیش لەوێوە تەماشای گۆمێکی جوانیان دەکرد کە لە خوارەوەدا بوو. پێکەوە ڕاوەستان و هیچیان نەگوت. ویلیام مۆڕۆنی بردەوە بۆ ماڵەوە و پێش ئەوەی بڕوات شتێکی کردە ناو دەستی مۆڕۆنەوە، ئینجا خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و ڕۆیشت. مۆڕۆن و دایکی تەماشای دیارییەکەیان کرد کە ناوی هێشتا وشک بوو. ماک کلانۆف بە سواری ئەسپەکەی ڕۆیشت بۆ لای ویلیام و پێی گوت کە بێت بۆ کۆبوونەوەیەکی نهێنی، پێکەوە ڕۆیشتن بۆ ناو گردەکان. کۆ بوونەوە لەگەڵ بیست پیاو کە هەموویان جووتیار بوون. بە ویلیامیان گوت "ئێمە خۆمان خستووەتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی تۆ بهێنین بۆ ئێرە، تێ دەگەی؟"

ویلیام وەڵامی دایەوە "بەڵێ تێ دەگەم"، ویلیام جووتیارە یاخیبووەکانی ناسی کاتێ کە بینیانی. کامپبیڵی پیر گوتی "هەموو ڕۆژێک ئینگلیزەکان سەربازی زیاتر دەنێرن. ئەو کاتەی کە ماڵکۆم والاس لە ژیاندا مابوو، ئێمە لێرەدا کۆ دەبووینەوە بۆ هەموو هێرش بردنێک." ئینجا گوتی "ئێستا کە تۆ گەڕاویتەتەوە ئێمە لە خۆمان دەپرسین " "ئایا ئێمە هێشتا پیاوین؟" "ئایا ویلیام تۆ دەبی بە یەکێک لە ئێمە؟".

ویلیام گوتی"من گەڕاومەتەوە بۆ ئەوەی ببم بە جووتیار و خێزان دروست بکەم" ، ویلیام تەماشای کامپبیڵی پیر و هامیشی کرد و ڕۆیشت بۆ لای ئەسپەکان. لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا، راوەستا و بۆ ماوەیەکی زۆر تەماشای هەردوو گۆڕی باوکی و براکەی کرد.

ویلیام بۆ ماوەی دوو هەفتە. مۆڕۆنی نەبینی لە دوای ئەوە لە گوندەکەدا ئاهەنگێکی هاوسەرگرتن سازکرا. هێلین ماک کلانۆف کە ئامۆزای مۆڕۆن بوو شووی کرد بە کوڕێکی خۆیی کە ناوی "ڕۆبی" بوو. خواردنێکی زۆر ئامادە کرا و شوێنەکە بە گوڵی ڕەنگاورەنگ ڕازابووەوە و هەروەها دانیشتنەکە بە مۆسیقایەکی خۆش خۆشتر بوو. بووک و زاوا تازەکە و خێزانەکانیان و هاوڕێکانیان هاتنە دەرەوە لە کڵێسەکە. ئاهەنگی هاوسەرگرتنەکە دەستی پێ کرد. لە ناکاودا حیلەی ئەسپ هات. خانەدانێکی ئینگلیز بە سواری ئەسپەکەیەوە بەرەو روویان هات کە لە پێشەوەی گرووپێک سەربازی ئینگلیزدا بوو. خەڵکی گوندەکە بێدەنگ بوون. پیاوە خانەدانەکە تەمەنی پەنجا ساڵ دەبوو و قژیشی ڕەنگی خۆڵەمێشی بوو و هەروەها قەڵەو و دەموچاو سوور بوو.

گوتی بەپێی یاسای "شەوی یەکەم"،"ئەم زەوییانە بۆ من دەگەڕێنەوە" من لێرەم بۆ ئەوەی ئەم ئافرەتە گەنجە لە شەوی ئاهەنگی هاوسەرگرتنیدا ببەم بۆ جێگەکەی خۆم. هیچ کەسێک نەجووڵایەوە، باوکی هێلین هاواری کرد "نا، بۆ خاتری خوا".

سەربازەکانیش لە ئامادەباشیدابوون، لە چرکەیەکدا ڕووی شمشێرەکانیان کردە باوکی هێلین و ڕۆبی. پیاوەکان ویستیان شەڕ بکەن بەڵام هێلین ئەو هەڵچوونەی ئەوانی ڕاگرت و گوتی "من ئەوە پەسەند دەکەم کە یەکەم شەو لەگەڵ ئەم پیاوەدا ببەمە سەر و لە پاشاندا بۆ هەتا هەتایە هەردووکتان لە دەست بدەم ". ئینجا یەکێک لە سەربازەکان هێلینی ڕاکێشا بۆ سەر ئەسپەکەی لە دوای خۆیەوە و ئیتر گرووپەکە ڕۆیشتن.

ویلیام و مۆڕۆن ئەو شەوە دووبارە ڕۆیشتنەوە بۆ ناو کۆمەڵە دارەکان لەسەر گردەکان. پێکەوە دانیشتن لەسەر گۆمەکە و بیریان لە هێلین دەکردەوە، دەربارەی خۆشەویستییەکەیان و هیواکانیان قسەیان کرد. بە تامەزرۆییەوە ماچی یەکتریان کرد. ویلیام گوتی "دەمەوێت تۆ بهێنم، بەڵام هیچ پیاوێکی ئینگلیز تۆ نابات لە شەوی ئاهەنگی هاوسەرگرتنماندا".

له کڵێسه کۆنه بەتاڵەکەدا بە نهێنی بوون بە هاوسەری یەکتری. مۆڕۆن دەستەسرێکی سپی دا بە ویلیام کە گوڵێکی سکۆتلاندی لەسەر بوو. شەوی هاوسەرگرتنیان لە ژێر ئەستێرەکاندا بردەسەر. بۆ شەش هەفتەکەی داهاتوو شەوان ئەو کاتانەی کە دەیانتوانی یەکتریان دەبینی و هەندێ جاریش بەڕۆژ، بەڵام وایان پیشان نەدەدا کە ئەوان ژن و مێردن، کاتێکیش کە مۆڕۆن منداڵی دەبێت ئەوان بێ ترس دەبن لە ئاغای خوارووو و لە دواییدا ئەو هاوسەرگرتنە نهێنییەیان بۆ هاوڕێکانیان روون دەکەنەوە.

رۆژێک هەردووکیان لە بازاڕی لەنارک، یەکتریان بینی، بەڵام قسەیان لەگەڵ یەکتردا نەکرد.ویلیام رۆیشت. هەندێ سەربازی ئینگلیز دانیشتبوون بەبێدەنگی و دەیانخواردەوە. سەربازەکان مۆڕۆنیان بینی کە ئێستا لە جاران جوانتر بوو، هەندێ نانی دەکڕی. کاتێ مۆڕۆن هات بڕوات لە ناکاو یەکێک لە سەربازەکان مەچەکی گرت و فڕێی دایە سەر زەوییەکە و پێی گوت "بۆ کوێ دەڕۆی خۆشەویستەکەم؟".


سەربازەکانی تریش پێکەنین. سەربازەکە کەوتە سەر مۆڕۆن و جلەکانی راکێشا، مۆڕۆنیش بە توندی لێی دا و ویستی دووربکەوێتەوە. لە ناکاودا ویلیام هات و قۆڵی سەربازەکەی لە دواوە گرت و هەڵی دایە سەر هاوڕێکانی و مێزەکەی هەڵگەڕاندەوە بەسەریاندا. یەکێک لە سەربازەکان دەستی کرد بە هاوارکردن"یاخیبووەکان !یاخیبووەکان! "ئیتر سەربازەکانی تر بەراکردن هاتن، خەڵکی گوندەکەش ویستیان رایان بوەستێنن و هاواریان دەکرد "راکە، ویلیام راکە".

ویلیام پرسی "مۆڕۆن ئایا تۆ باشی؟" "ئەسپەکە ببە و بڕۆ، لە ناو کۆمەڵە دارەکان دەتبینمەوە".

ویلیام لەگەڵ زیاتر لە دوو سەرباز شەڕی کرد و تەماشای مۆڕۆنی کرد کە رۆیشت ئیتر خۆشی بەدوای چوو سەربازەکان لە هەموو شوێنێکی شەقامە قەرەباڵغە قیرتاو نەکراوەکاندا بوون، هێسێلریگ کە سەرکردەی سەربازە ئینگلیزەکان بوو، زۆر درەنگ گەیشت. ویلیام هەڵهات بەناو دارەکاندا و دیار نەما، ئەو وای پێشبینی کرد کە مۆڕۆن رزگاری بووە. بەڵام مۆڕۆن دەربازی نەبوو... سەربازەکان لەسەر ئەسپەکەی خستبوویانە خوارەوە و گرتبوویان.

ویلیام گەیشتە ناو کۆمەڵە دارەکانی سەرگردەکان، بە نەرمونیانییەوە بانگی کرد "مۆڕۆن" ئینجا دووبارە بە دەنگێکی بەرزتر هاواری کرد "مۆڕۆن". بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو.

مۆڕۆن لە بەندیخانە بوو. هێسێلریگ تەماشای مۆڕۆنی کرد بە چاوێکی بەفیزەوە لە مێشکی خۆیدا گوتی"بۆچی ئەو لە من ناترسێ؟ خۆ ئەو تەنیا کچێکە". ئینجا پرسی "ئەم پیاوە



کێیە کە دەتوانێ لەگەڵ شەش سەربازی مندا شەڕ بکات لە یەک کاتدا و لێشیان بباتەوە؟".

یەکێک لە سەربازەکان وەڵامی دایەوە "ئەو ناوی ویلیام والاسە و کێڵگەیەکی هەیە بە درێژاییی دۆڵەکە، با بیسووتێنین".

هێسێلریگیش گوتی"من ئەوم دەوێ نەک کێڵگەکەی و ئەویش تۆی دەوێ کچە جوانەکەم، تۆش ئەومان بۆ دەهێنی".

هێسێلریگ مۆڕۆنی برد بۆ گۆڕەپانی گوندەکە و بەستنی بە دارێکەوە بەستیەوە. خەڵکی گوندەکەش هاتن بۆ تەماشاکردن.

هێسێلریگ هاواری کرد "هێرشکردنە سەر سەربازەکانی پاشا مانای هێرشکردنە بۆ سەر پاشا... دوایش ئەوەی روو دەدا ئەمەیە". بە ئارامییەوە سەرکەوت بۆ لای مۆڕۆن و چەقۆکەی دەرکرد و قورگی بڕی. خوێن لە قورگی مۆڕۆن هاتە دەرەوە و مرد.

ویلیام، هاوڕێکانی لە کێڵگەکەی کامپبیلی پیر دۆزییەوە و لێیانی پرسی "ئایا مۆڕۆنتان نەبینیوە؟ ئەو دوورکەوتەوە، من ئەوم بینی! من ئەوم بینی!". ویلیام تەماشای دەموچاویانی کرد. کامپبیلی پیر بە ویلیامی گوت کە مۆڕۆن مردووە، ویلیام زانی کە ئەو درۆ ناکات. چووە دەرەوە، مانگ بەسەر گوڵە جوانەکانی نێو گیاکە دەبریسکایەوە کە. هاوارە حەسرەتاوێکەی ویلیام و تووڕەیی و خەمبارییەکەی شەوی رەشیان دەبڕی.

ویلیام والاس نزیکترین ئەسپی برد و بەرێکەوت بۆ کێڵگەکەی، شمشێرە چاکەکەی باوکی هەڵگرت کە شاردبوویەوە. یاخیبووەکان دوای کەوتن، هەموویان بەناو دۆڵەکە و خەڵکەکە چەکەکانی خۆیان برد و رایان کرد لە دوای ویلیامەوە بەرەو لەنارک، ئەو شوێنەی کە هێسێلریگ و پیاوەکانی تێیدا چاوەڕوان بوون. والاس چووە پێشەوە و راوەستا لە بەردەم هێڵی سەربازەکان کە لە دەرەوەی گوندەکە بوو. ئەو نەترسا، بەڵکو ئامادەبوو بۆ کوشتن.

جەنگەکە کورت بوو، کەس نەیتوانی والاس و شوێنکەوتە تووڕەکانی بوەستێنێت. سەربازە ئینگلیزەکان دەکوژران و دەکەوتنە سەر زەوی، والاس هێسێلریگی دۆزییەوە و بە پرچی رایکێشایە دەرەوە بۆ گۆڕەپانەکە. بە رقەوە تەماشای دەموچاوی ئەو کەسە دەکرد کە مۆڕۆنیی کوشتووە. لە جووڵەیەکدا شمشێرەکەی دەرهێنا و قورگی هێسێلریگی بڕی و خەڵکەکەش هاواریان دەکرد"وا ـ لاس! وا ـ لاس" بەڵام ئەو گوێی لێیان نەبوو.ویلیام تەماشای خوێنەکەی مۆڕۆنی کرد لەسەر زەوییەکە و تەماشای خوێنی پیاوە ئینگلیزەکەی کرد بەسەر شمشێرەکەیەوە، لە مەودوا یاخیبوویەک شەڕدەکات هەتا دەمرێت.

ئاغای خواروو لەسەر ئەسپەکەی دانیشتبوو لە دەرەوەی قەڵاکەی.ئەو پیاوەکانی ئامادە

دەکرد بۆ دۆزینەوەی یاخیـبـووەکـان و کـوشـتـنی ویلیـام والاس وەکـو نموونەیـەک بۆ خـەڵکی سکۆتلانـد. ئەو نامـەیەکی دا بە سـەربازێـک بـۆ ئـەوەی بـیـبـات بۆ جـەنابـی پارێزگار لە قـەڵای سـتـیـرلینـگ، بەڵام سـەربـازەکە دیوارەکـانی قـەڵاکـەی نەبڕی. والاس و پیـاوەکـانی لە دەرەوە، راوەسـتـابوون لە نـاکـاودا سـکۆتیـیـەکان لە هـەمـوو شـوێـنێکەوە دەرکـەوتن. ئەوەی خـوارەوە هەوڵی دا هـاوار بکات و فەرمان بدات، یاخـیبووەکانیش ئەویان لەسـەر ئەسـپـە چاکەکەی داگرت و ویلیـامـیش دەسـتـەکانی بەسـتـەوە و فـڕێـی دایە سـەر ئـەسـپـێکی پـیـر و بێـهـێـز و پێی گوت "بگەڕێـوە بۆ سکۆتـلانـد، پـێـیـان بڵێ والاس پیـاوێکی ئازادە لە سکۆتـلانددا. کـوڕەکـانمان و کچەکانمان بۆ ئێمە دەگەڕێنەوە، نەک بۆ پاشای ئینگلاند. پـێـیان بلێ... کە سکۆتلاند ئازادە!"

لە ڕۆژی دواییدا مۆڕۆنیان بەخاک سپـارد، گوڵێکی سکۆتلاندیان لە تەنـیشت گۆڕەکەی دانا. ویلیام دەستەسرە سپـیـەکەی لە تەنـیشت دڵە شکاوەکەیەوە دانا.

لە لەنـدەن، مـیـر خـاتوون ئـیـزابـێـلا لە ناو قـەڵاکـەدا دانیـشـت لەگـەڵ هاوڕێکەیدا کـە ناوی "نیکۆلێت" بوو. تەماشای میر لێدواردی دەکرد کە لەناو باخـچەکەدا تۆپێنی لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەکرد. نیکۆلێت هەواڵەکانی سکۆتلاند و چیرۆکەکەی ویلیام و مۆڕۆنی پێ راگەیاند، ئەوە ئەو جۆرە پیاوە بوو کە ئیزابێلا هیواخواز بوو ببێ بەپیاوی.

لەو کـاتەدا "قـاچ درێژ" گـەیشـتـەوە، هـاواری کرد بەسـەر کـوڕەکەیدا "کـوڕە، تۆ لێرەدا یاری دەکەیت؟

یاخـیـبـووەکـانیش لە سکۆتلانددا هێـرش دەکـەنە سـەر سـەربازەکـانمان! ئەوان ئاغـای خـوارووی ناردووەتەوە بۆ ئینگلاند". پاڵێکی بە ئێـدواردەوە نـا بۆ سـەر زەویـیـەکـە و گـوتی "ئێـستا من دەڕۆم بۆ فەرەنسـا، من سکۆتلاند بۆ تۆ بەجێ دەهێڵم. ئایا تۆ تێ دەگەی؟" قوڕگی ئێدواردی راکێشا و هەڵیساندەوە و پێی گوت "ببە بە پیاو". ئیتر پاشاکە ڕۆیشت.

ئینجـا لە سکـۆتلانددا، ڕۆبـێـرت "بروس"لەگـەڵ باوکـیدا دانیـشت. ڕۆبـێـرت "بروس" گـوتی "ئێستا کاتی ئەوەیە کە وەک ویلیام والاس شەڕ بکەین. هەموو سکۆتلاند لەگەڵ ئەودایە، ئێستا کاتی قسەکردن نییە لەگەڵ ئینگلیزدا".

باوکـیشی گـوتی "شـەڕکـردن بەس نیـیـە. ڕاسـتـە ویلیـام ئازایە، بەڵام سـەگیش ئازایە. تۆ خانەدانـی، تۆ زیرەک و ئازایت.ئێمـە لەگەڵ ئەم یاخیبووانەدا بـەسـەر زەوییەکانماندا دەڕۆین لە سکۆتلانددا، بەڵام لە دواییدا لە دژیان دەوەسـتین لەسـەر زەوییەکانمان لە باشـوور. "قاچ درێـژ" هەموو شتێک دەکات بۆ فەرمانڕەوایـی کردنی سکۆتلانـد، ئێمەش وەکو ئەو دەکەین".

ویلـیـام لـە نزیک ئـاگـرێکی بچـووکـەوە دانیـشـت و بـیـری دەکـردەوە. زەویـیـەکـە تـەڕبوو لەبـەرئەوەی چەند ڕۆژێک بوو باران بـوو بەڵام بەهۆی دار ودرەخـتـەکـانەوە ئەوان تـا رادەیەک

وشک بوون. هامیش تەماشای ناو دارستانە تاریکەکەی دەوریانی دەکرد و چاوەکانی بەدوای جوولەیەکدا دەگەڕان.کامپبیلی پیریش چەکەکانی چاک دەکردەوە، پاسەوانەکانیش لە دوورەوە ڕاوەستابوون.

ویلیام پرسی "ئێمە چی بکەین کاتێک "قاچ درێژ" هەموو سوپاکەی باکوور بۆ سەر ئێمە بنێرێت؟"

کامپبیلی پیر وەڵامی دایەوە"ئەوە پرسیارێکی باشە، ئەوان ئەسپی زۆر و چەکی نوێیان هەیە. ئێمەش تەنیا شمشێر و ئەو چەکانەمان پێیە کە لە ناو کێڵگەکانماندا دروستمان کردووە".

هامیش گوتی "ئەوان ڕاستەوخۆ ئەدەنە سەرمان"

کامپبیلی پیر گوتی "کەواتە ئێمە شەڕ لەگەڵ ڕێگەی زەوی سەروودا دەکەین و هێرش دەبەین و ڕادەکەین بەناو گردەکاندا و هەرشتێک هاتە ڕێگەمان دەیسووتێنین".

ویلیام گوتی "لە پاشاندا ئەو زەوی و گوندانەی کە دەیسووتێنین دەبنە موڵکی ئێمە، بەڵام ئایا دەتوانین سوپاکەی "قاچ درێژ" بشکێنین؟ "ویلیام سەری هەڵبڕی و تەماشای دارەکانی کرد و بیری کردەوە و گوتی"من چەند پیاوێکم دەوێ بۆ دروستکردنی سەدان ڕم کە هەر ڕمێک دوو هێندەی درێژی پیاوێک بێت".

پێش ئەوەی هامیش پرسیاری زیاتر بکات لە ویلیام، پاسەوانەکان هەندێ یاخیبووی نوێیان هێنا. پیاوان هەموو ڕۆژێک لە هەموو شوێنێکی سکۆتلاندەوە دەهاتن بۆ شەڕکردن لەگەڵ ویلیام والاس، بەڵام دەشێ هەر یەکێک لەوان کە سیخوڕێکی "قاچ درێژ"بێت.

پیاوە نوێیەکان دەموچاویان دەبریقایەوە و تەماشای ویلیام والاسیشیان کرد کە وەک ئەوانەی تر چڵکن بوو و پرچیشی تەڕ بوو گەڵای دارەکانی پێوە بوو، بەڵام ئەو ئاگرەی ناخیان بینی. ئەوە ئەو ئاگرە بوو کە ئەوان دەیانویست دوای کەون.لە نێوان یاخیبووە نوێیەکاندا پیاوێکی گەنجی سەرنجڕاکێش هەبوو کە خەڵکی ئێرلەندا بوو ناوی "ستێپهان"بوو. ویلیام قسەی لەگەڵ هەموویان کرد و گوتی "پێمان پیشان بدەن کە ئێوە دەتوانن بێ ئەوەی نان بخۆن و بخەون بژین و لە دواییشدا لە پێناوی ئێمەدا شەڕ بکەن".

سەدان ئەسپسواری ئینگلیز ڕاستەوخۆ بەرەو وڵاتی کراوە بەڕێکەوتن. ئاغا دۆلێکرۆفت لە پێشەوەیان بوو.ئەوان لە دوای ویلیام والاس و یاخیبووەکان دەگەڕان. هەندێ جار زۆر لێیان نزیک دەبوونەوە و شوێنەواری ئاگرەکانیان دەدۆزییەوە کە هێشتا دووکەڵی لێ هەڵدەستا،بەڵام هەرگیز خۆیانیان نەبینی. هەتا ڕۆژێک هامیش و گرووپێک لە یاخیبووەکانیان بینی لە نزیک هەندێ دارەوە. هەر کە سکۆتییەکان ئەسپسوارەکانیان بینی وەکو ئاژەڵی ترساو

رایان کرد.

دۆلێکرۆفت لە ئەسپەکەی دا و هاواری کرد"لە دوایانەوە".ئەوان دوای هامیش و پیاوە برسی و ماندووبووەکانی کەوتن بەناو کێڵگەیەکی کراوە کە گردی نزمی بەدەورەوە بوو.

دۆلیکرۆفت هاواری کرد"ئێستا ئێمە ئەوانمان کەوتە دەست". ئەو بەرێکەوت بۆ ناو کێڵگەکە بەڵام زەوییەکە تەڕبوو و پێی ئەسپەکانیش هەتا ئەژنۆیان نوقوم بوون. لە ناکاودا سکۆتییەکان لە هەموو شوێنێکەوە دەرکەوتن، و شمشێرەکانیان راوەشاند لە دژیان. ویلیام والاس فەرمانی هێرشکردنی دا و زۆر لە ئینگلیزەکان مردن.

هەواڵی سەرکەوتنی والاس بەسەر ئینگلیزدا بەخێرایی بڵاو بووەوە یاخیبووەکان لە ناو بینایەکی بەتاڵی کشتیاریکردندا خۆیان شاردەوە، جووتیارەکانیش دڵسۆزبوون لەگەڵیاندا و نان وجل وبەرگیان بۆ دابین کردن.

ویلیام خەوت لە کاتێکدا کامپبیڵی پیر و ستێپهان وتووێژیان دەکرد دەربارەی جەنگەکان و چۆنیەتی سەرکەوتنیان، هامیش هاتە ژوورەوە. بە ئارامییەوە گوتی "هەواڵەکان گەیشتن "ویلیام هەستا و هامیش گوتی "ئینگلیزەکان وا سوپایەکی گەورە دەنێرن بۆ قەڵای ستیرلینگ. هەندێک دەڵێن ژمارەیان دە هەزارە، هەندێکی تریش دەڵێن بیست هەزارە!و سەدان سکۆتیش لە زەوییەکانی سەرووەوە دێنە خوارەوە!".

قەڵای ستیرلینگ بە بەرزی دەیڕوانییە سەر گردێک لە سەرەوەی وڵاتی کراوەدا. رووبارێک بەناو گۆڕەپانەکەی بەردەمیدا دەڕۆیشت، پردێکی دارینیش بەسەر رووبارەکەوە بوو لە بەردەم قەڵاکەدا.

لە ١٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٢٩٧دا گرووپێک لە خانەدانە سکۆتییەکان لەسەر گردێکی بچووک راوەستان و تەماشای گۆڕەپانەکەیان دەکرد، ئامادەبوون بۆ جەنگ. رۆبێرت "بروس" لە بەندیخانە بوو بۆیە ئاغا مۆرنەی شوێنی گرتەوە و لە پێشەوەی سوپای سکۆتی بوو، لە لاکەی تری پردەکەوە سوپایەکی گەورەی ئینگلیزیان بینی کە دەهاتن.

لۆکهلان هاواری کرد "وادیارە ژمارەیان بیست هەزارە"، خانەدانێکی تریش گوتی "بەڵام سیخوڕەکانی ئێمە وتیان ژمارەیان دە هەزارە".

مۆرنەیش گوتی "ئێمەش ژمارەمان تەنیا دوو هەزارە". خانەدانەکان پێیان وانەبوو کە جەنگ روو دەدات.ئامادە بوون کە پەیمانی وەستاندنی شەڕ ببەستن لەگەڵ ئینگلیزدا. سوپای ئینگلیز لەبەردەم دیوارەکانی قەڵاکەدا راوەستابوون بە درێژایی رووبارەکە. پێی سەربازەکان لەسەر یەک هێڵی راست بوو و شمشێرەکانیشیان لە پێشیانەوە، ئەسپسوارەکانیش لەگەڵ رمەکانیان لە دواوە بوون. چەکەکانیان نوێ بوون و دەبریقانەوە،سکۆتییەکانیش کراسی

چەرمییان لەبەربوو و ئامێری کێڵگەییان پێ بوو.

سەربازێکی گەنج تەماشای رووبارەکەی کرد و گوتی"زۆر زۆرن". سەربازێکی پیریش لە تەنیشتییەوە بوو وەڵامی دایەوە" ئەگەر خانەدانەکان بڕیاری ئاگربەست بدەن ئەوا ئێمە دەنێرنەوە بۆ ماڵەوە، ئەگەر نا ئەوا ئێمە هێرش دەبەین و ئەوان لەسەر گردەکەیان دەمێننەوە و ئێمەش دەمرین. ئیتر ئەوانیش بۆ ماڵەوە دەڕۆنەوە و بەخۆیان دەڵێن پاڵەوان". ئەوەی تریش گوتی "من نامەوێ شەڕ بکەم بۆیە ئەوانیش دەتوانن دەست بگرن بەسەر زەوی زیاتردا!". سەربازە پیرەکەش گوتی "منیش نامەوێ" و سوڕایەوە و بەرەو ماڵەوە دوور کەوتەوە لە جەنگەکە، ئەوانەی تریش یەکەمجار یەکە بە یەکە دوای کەوتن ئینجا لە دوایدا بەشێوەی گرووپ دوای کەوتن، لۆکهلان هاواری کرد بەسەریاندا بۆ ئەوەی بوەستن بەڵام ئەوان گوێیان پێی نەدا.

مۆرنەی گوتی "بۆچی دەبێ ئەوان لە پێناوی ئێمەدا بمرن؟".

بەڵام لە ناکاودا راوەستان، ویلیام والاس هات بۆ ناو ناوەڕاستی سوپای سکۆتی لەگەڵ یاخیبووەکانیدا بە قژە کاڵەکەیەوە کە با گەمەی پێ دەکرد و قۆڵە بەهێزەکانیشی لە ژێر کراسە چەرمینە ئاساییەکەیەوە دیاربوون. ئەو سەرکەوت بۆلای خانەدانەکان.

لۆکهلان گوتی "ئەمە سوپای ئێمەیە، ئایا دەتەوێت خزمەت بکەیت؟ "ویلیامیش گوتی" ئەگەر ئەمە سوپای ئێوەیە، بۆچی ئەو پیاوانە دەڕۆن؟ من خزمەتی سکۆتلاند دەکەم، نەک تۆ". ئینجا رووی ئەسپەکەی وەرگێڕا بۆ ئەوەی تەماشای پیاوەکان بکات. سەربازێکی پیر هاواری کرد " ئێمە نەهاتووین بۆ ئەوەی لە پێناوی ئەواندا شەڕ بکەین "پیاوێکی تر گوتی " ماڵەوە! ئینگلیزەکان زۆر زۆرن! ئێمە هەموومان دەمرین". ویلیام دەستی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی قسە بکات و سوپاکەش بێدەنگ بوو. ئەویش هاواری کرد "رۆڵەکانی سکۆتلاند! من ویلیام والاسم، ئێوە هاتوون بۆ ئێرە بۆئەوەی وەکو پیاوێکی ئازاد شەڕبکەن. راستە ئەگەر شەڕ بکەن لەوانەیە بمرن، ئەگەریش رابکەن لەوانەیە بژین بۆ چەند کاتێک. بەڵام بە چ بەهایەکەوە؟ لەوانەیە ئەوان بمانکوژن، بەڵام من دەڵێم ئێمە هەمیشە ئازاد دەبین!"سوپای سکۆتی وەڵامی دایەوە بەیەک دەنگ، هاوارێکی گەورە بەرز بووەوە "ئێمە ئازاد دەبین!".

ستێپهان هاتە سەرەوە لە دواوەی والاس و گوتی "وتارێکی باش بوو، ئێستا چی بکەین؟".

والاس فەرمانی دا پێی "بەپێی پلانەکەمان بڕۆ، رمەکان بێنە دەرەوە و لە هێڵی پێشەوە دایان بنێ". ئینجا لەگەڵ لۆکهلان و مۆرنەیدا بەرێکەوت بۆ قسەکردن لەگەڵ ئینگلیزدا. لەسەر پردەکەدا یەکتریان بینی، ئاغا تەلمادج کە سەرکردەی سوپای ئینگلیز بوو کەوتە پێشکێشکردن و گوتی "پاشا زەویت دەداتێ لە یۆرک ـ"والاس قسەکەی بڕی و گوتی "من

شتێک بە تۆ پێشکێش دەکەم، سوپاکەت راستەوخۆ بەرەوە بۆ ئینگلاند. لە رێگەدا داوای بەخشین بکە لە هەموو پیاو و ژن و منداڵێکی سکۆتی بۆ ئەو سەدان ساڵەی کە تێیدا کوشتن و دزیتان کردووە. ئەوکات لەوانەیە کە خۆت و پیاوەکانت بژین، ئەگەر نا ئەوا هەر یەکێک لە ئێوە ئەمرۆ دەمرێت!". والاس رووی کردە لۆکهلان و مۆرنەی و پێیانی گوت "ئامادە بن، فەرمانەکانی من جێبەجێ بکەن". گەڕایەوە بۆلای سوپاکە و ئەوانیش دوای کەوتن.

ئینگلیزەکان بەخێرایی ئەسپەکانیان تاودا بەرەو پردەکە. ریزیان بەست بەرامبەر بە سکۆتییەکان، کەس نەیتوانی کە بیانشکێنێت. تەلمادج فەرمانی پێیاندا کە هێرش ببەن. سکۆتییەکانیش راوەستان و چاوەڕوان بوون، ئەسپی ئینگلیزەکان بەرەو روویان هاتن و وردە وردە نزیک دەبوونەوە.

والاس هاواری کرد"چاوەڕێ بکەن... چاوەڕێ بکەن... ئێستا!".

پیاوەکانی والاس چەکە نهێنیەکانیان دەرکرد ـ رمە درێژەکان، کە درێژی هەر یەکێکیان دوو هێندەی درێژی پیاوێک دەبوو و روویانیان کردە ئەسپەکان. ئینگلیزەکان نەیانتوانی ئەسپەکانیان رابوەستێنن و شمشێرەکانیشیان زۆر کورت بوون. هەر بە رم پیاوەکان و ئەسپەکانیان پارچە پارچە کرد، هەموو کەسێک لە گۆڕەپانی جەنگەکەدا گوێی لە دوا هاواری پێش مەرگی ئێنگلیزەکان دەبوو

ئینگلیزەکان پاڵیان بە سەربازەکانیانەوە نا بەسەر پردەکەدا. بە پێی فەرمانەکانی والاس، ئاغا مۆرنەی و ئەسپسوارەکانی لە گۆڕەپانی جەنگ دووركەوتنەوە. ئینگلیزەکان کە مۆرنەیان بینی وا دەڕوات وایان زانی کە ئێستا ئەوان دەیبەنەوە.

والاس شمشێرەکەی بەرزکردەوە و هاواری کرد "لە پێناو سکۆتلاند" بەرەو رووی ئینگلیزەکان هێرشی برد و یاخیبووە ئازاکانیش لە دوایەوە. هێرشیان برد و هەموو لە گۆڕەپانەکەدا زۆریان کوشت و ئینجا پاڵیان نا بۆسەر پردەکە. لە لاکانی تری پردەکەوە سەربازی ئینگلیزی تر هەبوون کە هێشتا هەوڵیان دەدا بۆئەوەی بچنە سەر پردەکە. سکۆتییەکان لە ناوەندەوە دەیانیان بریەوە و فڕێیانیان دەدایە خوارەوە. ئاوەکەی ژێر پردەکە بە خوێن سوور بوو بوو. ئینگلیزەکان درکیان کرد بەوەی کە ناتوانن بیبەنەوە. هەندێکیان مانەوە و بە ئازایی شەڕیان کرد بەڵام ئەوانی تر هەڵگەڕانەوە و رایان کرد، لە نێوان ئەوانیشدا ئاغا تەلمادج. هەر لەو کاتەدا مۆرنەی و پیاوەکانی لەلاوە هێرشیان کردە سەر ئینگلیزەکان. رووبارەکە رێگەیەکی ئاسان بوو بۆ رۆیشتن بۆ رۆژهەلات لە ناو عەرەبانەی ئەسپەکان کە لە پشت دارەکانەوە بوو. ئینگلیزەکان رایان کرد و هەوڵیان دا لە شمشێری سکۆتییەکان دەرباز بن. جەنگە ناخۆشەکەی ستیرلینگ تەواو بوو. سکۆتییەکان والاسیان



بەرزکردەوە بۆ سەرشانیان، خانەدانەکان و پیاوە سکۆتییە ئاساییەکان بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد"والّ ـ لاس! والّ ـ لاس! والّ ـ لاس!".

لە گۆڕەپانێکدا لە باکووری فەڕەنسا پاشای ئینگلیز تووڕە بوو، سوپاکەی لە شەڕێکی درێژ و هێواشدا بوون دژی فەڕەنسا. پاشا گوتی "بۆچی ئێستا لە پاریس نین؟ ئێستا دەبێ زستان لێرە ببەینەسەر".

ژەنەڕاڵ پیتەرس بە بوێرییەوە وەڵامی دایەوە "ئێمە ناتوانین، دوایی نیوەی پیاوەکان لە سەرما و برسێتیدا دەمرن".

لۆنگ شانکسش گوتی "لە بەهاردا ئێمە سوپاکەی سکۆتلاندمان دێنین بۆ ئێرە"، بەڵام لەو کاتەدا ئەسپسوارێکی چڵکن و ماندوو گەیشت، نامەیەکی دایە دەست پاشا و لۆنگ شانکسش نامەکەی خوێندەوە. لە ناکاودا روخساری پیر بەدەرکەوت و رەنگی خۆڵەمێشی هەڵگەڕا و گوتی "سوپاکەی سکۆتلاندمان نەماوە".

لە دوای جەنگەکەی ستیرلینگ، ویلیام والاس بەسەر هەموو سکۆتلانددا ناوبانگی دەرکرد. ئەو بەرێکەوت بۆ ئیدنبور و بۆ سەرەوە بۆ قەلاکە، هاورێکانیشی لە تەنیشتییەوە بوون. خەڵکەکە تەماشایان دەکرد و چاویان زەق کردبووەوە وەکو منداڵ. خانەدانەکان کە جلی باشیان پۆشیبوو تێ نەگەیشتن کە چۆن پیاوێکی ئاسایی دەتوانێ جەنگێکی گەورەی وەها بباتەوە، لە کاتێکدا کە بروسییەکان و باڵیۆڵەکان ناتوانن ئەو جۆرە جەنگە ببەنەوە. رۆبێرت "بروس" ئێستا لە بەندیخانە دەرچووە و راوەستا لە نێوان خانەدانەکانی تر و هەر کە ویلیام هاتە ناو قەلاکەوە رۆبێرت "بروس" یەکسەر توانیی ئەوە ببینێ کە ویلیام هەرگیز خزمەتی هیچ پیاوێکی تر ناکات. پیاوێک دەستی بەخوێندنەوە کرد: "بەناوی خودا، بەڕێز ویلیام والاس ئێمە تۆ دەکەینە یەکەم ئاغای سکۆتلاند!" ئەوان ئەڵقەیەکی زێڕیان دایێ و خانەدانەکانیش کەوتنە سەر چۆک.

دەشێ ویلیام بتوانێ کە ببێتە یەکەم ئاغا بەڵام ناتوانێ ببێ بە پاشا چونکە ئەو پیاوێکی خانەدان نییە. ویلیام تەماشای خانەدانەکانی کرد کە یەکسەر کەوتنە شەڕکردن لە نێوان خۆیاندا، دەیانویست کە پاشایەک دابنێن بەڵام هەر رێک نەکەوتن. ویلیامیش رووی وەرگەڕاند و رۆیشت.

یەکێک لە خانەدانەکان هاواری کرد"بەڕێز ویلیام بۆ کوێ دەڕۆیت؟"ئەویش ئاوڕی دایەوە و چاوەکانی لە تووڕەیی داگیرسان، گوتی"ئێمە ئینگلیزەکانمان شکاند!بەڵام ئەوان

دەگەڕێنەوە،چونکە ئـێوە پشتی یەکتری ناگرن".ئینجا ویلیام تەماشای رۆبـێرتی "بروس"ی کرد و گوتـی"تـەنیا یەک لایەن هەیە بۆئەوەی بچنە پاڵی ـ نە لای بروسیـیەکان و نەلای باڵیـۆڵەکان، بەڵکو لای خەڵکی سکۆتـی. ئێمە دەبـێ شەڕ بکەین بۆئەوەی خەڵکەکە بتوانن ئازادبـن".

خانەدانێکی تر پرسی"تۆ چی دەکەیت؟".

ویلیـامیش گـوتی"من شـەڕ دەبەم بۆ ئینگلاند و ئینگلیـزەکان لەسـەر زەویـیـەکەی خـۆیان دەشکێنم!"ویلیـام تەمـاشـای دەوری خـۆی کـرد و بـینی خـانەدانەکـان دەمـیـان کـراوەتەوە و سەرسامن و ئینجا قەلاَکەی بەجێ هێشت.

لە دوای چەند هەفـتەیەک،لە لەندەندا میـر ئێدوارد و هاوڕێکەی پـیتـەر بەتـرسـەوە گوێـیـان گرت. دەرگـەکان پـێـیانا کێشـرا و دیوارەکانیش داڕمـان. "قاچ درێـژ" گـەڕابووە و لە فەڕەنسا گەیشـتە ژوورەکانی ئـێدوارد کە لە سەرەوەی قـەلاَکەدا بوون و تەماشـای دوو پیاوە گەنجـەکەی کرد بە چاوێکی ساردی رەشەوە و بە تووڕەیـیەوە پرسـی"هەواڵەکانی باکوور چین؟".

ئێدواردیش گوتی "هیچ شـتێک نیـیە بۆ لێدوان لەسـەری، بـاوکـە!"روخسـاری پاشـاکەش ئاگری تووڕەیـی لێ بەربوو و گوتی"چی؟ کۆمـەڵێک یاخـیـبوو سـوپاکـەی ئـێمـەیان شکاند لە ستیرلینگدا و تۆش دەڵێـیت""هیچ شتێک نییە بۆ لێدوان لەسەری""!".

ئێدواردیش گوتی"من فەرمانم دا کە پـیاوی زیاتر بچنە خزمەتی سەربازیـیەوە و سوپایەکی گەورەمـان دەبـێ لە بەهاردا،ئـێمە لە رێـی ئامۆزاکەمـەوە کە پارێزگاری یۆرکە ئەوە دەزانین کە والاَس ئێـسـتـا لە یـۆرکـەوە نزیکە. بەلاَم وا زسـتـان دێـت و سکۆتیـیـەکـانیش گـەدەیان بەتاڵ دەبێت و لاواز دەبن. ئێــمـــەش ئەم والاَســـە دەگـــرین و ملی دەبەســـتـــینەوە لە بەردەم یاخیبووەکانیدا!".

پـیاوێک هاتە ژوورەوە و نامەیەکی پـێ بوو. میر ئێدوارد بە شانازیـیەوە گوتی"بیدە بە من!"، ئەو هەستی بە بێـهێزی خۆی کرد بەلاَم ئەو هەستـەی درێـژەی نەخایاند، نامەکەی خوێندەوە و روخساری سپـی هەڵگەڕا و بە ئارامیـیەوە گوتی "والاَس دەستی بەسەر یۆرکدا گرتووە".

"قاچ درێـژ"هاواری کرد"مەحاڵە!"، پـیاوەکە جانتایەکشی پـێ بوو کە لەسـەر مێزەکە داینا. ئێدوارد تـەماشـای ناو جـانتاکـەی کـرد و بە شـڵـەژانەوە گـەڕایەوە دواوە، ئینجـا "قـاچ درێـژ" جانـتاکەی کردەوە و سەرێکی خوێـناویی هێـنایە دەرەوە کە سەری پارێزگاری یۆرک بوو واتە برازای "قـاچ درێـژ". سـەرەکـەی فڕێ دایەوە نـاو جـانـتـاکە، پـیتـەر بەخـێـرایـیـەوە گـوتی "چ ئاژەڵێک ئەم کارە دەکات ؟ ئێمە دەبێ ئەو سزا بدەین ئەگەر هات بۆ باشووری یۆرک!".

"قـاچ درێـژ"وەلاَمی نەدایەوە،تەماشـای ئێدواردی کرد و گـوتی"ئەوە کێـیە قسە دەکات پـێش ئەوەی من لێی بـپـرسم؟".پـێش ئـەوەی ئێـدوارد بتـوانـێ وەلاَم بداتەوە "قـاچ درێـژ"پـیـتـەری لە

قـورگیـەوە گـرت ولە پەنجـەرەکـەوە فـرێـی دایە خـوارەوە. پـیـتـەر پێش ئەوەی بکەوێتـە سـەر زەوییـەکە هـاواری کـرد. ئـێدوارد رای کـرد بۆلای پەنجـەرەکە و تەمـاشـای خـوارەوەی کـرد و لاشـەکـەی پـیـتەری بـینی، پـیـتەر تەنیا کەسـێک بوو کە ئەو خـۆشی دەویست و مـتمـانەی پـێ دەکـرد و ئـێسـتـاش لاشـەکـەی خـوێناویـیـە و پارچـەپارچە بووە. چەقـۆیەکی لە چاکـەتەکـەی دەرهێنـا و رای کـرد بۆ لای باوکی،"قـاچ درێـژ"پـێ کـەنی چونکە لـە کـۆتایـیـدا کـوڕەکـەی لە پـێناوی خـۆیدا شـەڕ دەکـات. پـێکەنینەکەی نەمـا و کوڕەکـەی گرت و ئەوەندەی لێ دا هـەتا نـیوە مەرگی کرد.

"قـاچ درێـژ"هـەسـتی بە هیچ شـتێک نەکرد بەرامـبەر بە کـوڕەکـەی کە لەسـەر زەویـیـەکەدا کـەوتـبوو و گـوتی"ئێمـە دەبێت ئاگربەسـتێک لەگەڵ سکۆتیـیـەکان بـبەسـتین، بەڵام کێ دەبێ بڕوات؟ نـە ئەم کــوڕە لاوازەم، نە مـن. من نـامــەوێ ســەرم بـهــێنرێـتــەوە بۆ لـەندەن لـە ناو جانتایەکدا، دەتوانم کێ بـنێرم؟"

سـوپای سکۆتی لە دەرەوەی یۆرکدا پشوویان دەدا، ئەوان جل وبەرگ و چەکەکانیان ئامـادە کـرد. ویلیـام و هـامـیش و سـتـێـپـهـان لـە ژوورەکـانی پـارێـزگـاردا بـوون لە ناو شـارەکـە و کاغـەزەکانی ئەویان دەخوێندەوە.کامپـبیلی پـیر بەخێرایـی هـاتە ژوورەوە و زۆر بەپـەرۆش بوو بۆ قسـەکردن و گوتی "گرووپـێک لە پیاوەکانی "قاچ درێـژ" لێرەن، ئەوان دەیانەوێت ئاگربەست ببەستن. ویلیام، ئاگاداربە لەوانەیـە ئەوان بـیانەوێ تۆ بکوژن".

سـتـێـپهانیش چاکـەتە چەرمییەکەی لەبەرکرد و گوتی "هیـوادارم بۆ ئـەوە هـاتبن چونکە من پـێنج رۆژە پـیاوێکی ئینگلیزم نەکوشتووە".

کـاتێک کە ویلیـام و شـەش ئەسـپـسـوارەکەی گەیشـتـنە شـوێنی مـەبەست، ئەوان پاسـەوانی فەرەنسییان بـینی لە دەرەوەی رەشماڵێکی ئینگلیزدا.

ویلیام لە پـێشەوەی رەشماڵەکە هاواری کرد""قاچ درێـژ"! من هـاتم!"

پـاسەوانـەکان لە دەرگەی رەشـماڵەکە دوور کەوتنەوە و لە تاریکییەکەدا ئافرەتـێکی باڵابەرز راوەستابوو کە جلەکانی باش بوون. ویلیام شڵەژا، هـامیشیش تەماشای کامپـبیلی پـیری کرد چونکە ئـەو هـەروەک مـۆڕۆن وابوو، کاتـێکیش بەرەو روویان هـات لە رووناکییـەکـە زیاتر بەوی دەکرد.

ئەو گوتی"من مـیر خـاتونی واڵێسـم، ژنی کوڕی پاشـام. من لەلای پاشـاوە هـاتووم و بۆ ئەو قسـە دەکەم".

ویلیام تەماشای کرد و بـیری لە خۆشەویستە ونبووەکەی کردەوە.

ئیزابـێلا لەودا هەموو شتێکی بـینی کە دەیویست لە پـیاودا هەبێت. ویلیام بالابەرز و بەهێز بوو، پرچی سروشـتی و چاوەکـانی گـەشـبـوون. ئەمـە ئەو پـیـاوەیە کـە دەتـوانێ جـەنگەکـان بباتەوە، پـیـاوێکە کە سوپا دەیەوێت دوای بکەوێت. و هێشتا دەتوانێ لە هـەمـوو ئەم شـتـانە دووربکەوێـتـەوە و ئەم شـتـانەش هـیـچ کێشـە نـەبن بە لایەوە. ویلیـام لـەسـەر ئەسـپـەکـەی هاتە خـوارەوە، ئیزابـێلا لە چاوەکانیدا شتێکی نوێی بـینی لە روخسـاری پیاودا و خـەمباریـیـەکی قووڵی بینی و زانیی کە ئەوە بۆ مۆڕۆنە.

ویلیام گوتی"ئەوەی من دەمەوێ شەڕە، نەک قسەکردن". ئیزابـێلاش گوتی"بەڵام ئەوە ئێستا من لێرەم، ئایا قـسـە لـەگەڵ ئافـرەتدا دەکـەیت؟ "ئینجـا چووە ناو رەشـمـاڵەکە و ویلیـامـیش بەدوایدا رۆیشت لە ژوورەوە نیکۆلێت و ئاغا هـامیـڵتۆنی لێ بوو کە یەکێک بوو لە پـیـاوەکانی "قاچ درێـژ".

میرخاتوون دەستی پـێ کرد و گوتی "من تـێ دەگەم کە تۆ ئێستا یەکەم ئاغای سکۆتلانـدی، ئایا خودا پـێی راگەیاندووی کە خەڵکی باش بکوژی لە یۆرکدا؟".

ویلیـامـیش گوتی"ئێمـە هێرشـمـان کـردە سـەر یۆرک چونکە هەمـوو ئینگلیـزێک کـە هێرش دەکـاتـە سـەر سکۆتلاند لەوێوە دەست پێ دەکـات". ئیـزابـێـلاش گـوتی"... ئەی دەربارەی سەربـڕینی ئـامۆزای پـیاوەکەم؟"چی.

ویلیـام گوتی" ئامۆزای پـیاوەکەت هەر ژن و منداڵێکی سکۆتی بینی کوشـتـیـانی لە یۆرکدا پـێش ئەوەی ئێمـە هێرش بکەین، زیاتر لـە سەد کـەسی مـردوویان فڕێ دایە سـەر دیوارەکانی شارەکە!". ئیزابـێلاش گوتی "ئەمە مەحاڵە" و روخساری سپی هەڵگەڕا و تەماشـای هامیڵتۆنی کرد، زانی کە ئەوە راستە.

هـامیـڵتۆنیش بە لاتینی بە ئیزابـێلای گوت "ئەو درۆ دەکات".

کاتێک کە ویلیام بە لاتینی وەڵامیانی دایەوە، هـەردووکیـان لە سەرسامیدا راتەکان. ئینجا بە فەرەنسی قسـەی کرد و گوتی"لە پاشاکەت بـپرسە کە کێ درۆ دەکات".

میر خـاتوون داوای لە نیکۆلات و هـامیـڵـتۆن کرد کە لە دەرەوە چاوەڕێ بکەن. کە ئەو باسی ئەوەی کرد پاشـا زەوی و پارەی دەداتـێ ویلیـام رووی وەرگـەڕاند بۆ ئەوەی بڕوات.ئیـزابـێـلا بە ئارامیـیـەوە قسـەی کرد بۆ ئەوەی هیچ کـەس گـوێـی لـێ نەبێ و گـوتی"من چـیـرۆکی تۆ دەزانم. من دەربارەی مۆڕۆن دەزانم".

ویلیامیش بە نەرم و نیانییەوە گوتی "ئەو خێزانم بوو". لە نـاکاودا ویلیـام ویستی قسە بکات دەربارەی مـۆڕۆن و هـەمـوو شـتـێک کە رووی داوە لـەو چەند سـاڵەی پـێـشـوو لە نـاو بـینای کێڵگەکەی ماک ئاندروس کاتێ کە خۆی و باوکی سی خانەدانی سکۆتی کوژراویان دۆزیـیـەوە

هەمووی بە ئیزابێلا راگەیاند، و پێی گوت "تۆ لە ناختدا بەهێزی هەروەکو مۆڕۆن، تۆ دەبێتە شاژنێکی چاک.بە پاشاکەت بڵێ کە ئەو هەرگیز فەرمانڕەوایی ویلیام والاس ناکات،ئەو فەرمانڕەوایی هیچ سکۆتییەک ناکات هەتا من مابم".

ئەو شەوە ویلیام بەناو شەقامە چۆڵەکانی یۆرکدا پیاسەی دەکرد. کاتێک کە خۆر تازە هەڵدەهات ئەو گەڕایەوە بۆلای هامیش و ئەوانی تر.ئاگرەکەیان هەر دەسووتا.

هامیش لێی پرسی"هەندێ خواردنت دەوێ ؟".

ویلیامیش دەستی راوەشاند و پرسی"هیچ هەواڵێک نییە لە ئیدنبورەوە؟".

هامیش گوتی"بەڵێ" هامیش بۆ چەند چرکەیەک راوەستا و ئینجا گوتی"ئەوان هیچ پیاوی زیاتر نانێرن، ویلیام".

ویلیامیش گوتی"ئەوان دەربارەی یۆرک دەزانن! و سەربازی زیاتر نانێرن! "ویلیام تەماشای ئاگرەکەی کرد و گوتی" ئەگەر من ئەم سوپایە بەرم بۆ لەندەن،ئەوا نیوەی پیاوەکان لە رێگەدا بە نەخۆشی یان لە برساندا دەمرن.ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سکۆتلاند،بەلام هێشتا تەواو نەبووینە".

لە لەندەن ئیزابێلا لەسەر کۆبوونەوەکەی لەگەڵ والاس دووا.

ئەو گوێی لە پاشاکە گرت کە دەربارەی پیلانەکانی قسەی دەکرد.سەربازەکان ئێستا لە رێگەن لە واڵیس و فەڕەنسا و چەکی تازەی سامناکیان پێ بوو کە دەیانتوانی کانزا ببڕن وەکو چۆن چەقۆ کەرە دەبڕێ. ئیزابێلا درکی بەوە کرد کە پاشا مەبەستی بەستنی ئاگربەست نەبوو و ئەو وشانەشی کە بە ویلیامی گوتبوو هەمووی درۆ بوون.پاشا ئەوی بەکارهێنا بۆ ئەوەی کات بباتەوە و ئێستاش سەربازەکانی پاشا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر سوپای سکۆتی لە هەموو لایەکەوە. ئیزابێلا گەڕایەوە بۆ ژوورەکانی و لەشی لە تووڕەییدا دەلەرزی و بیری لە پیلانێک دەکردەوە، لە خەیاڵیدا گوتی "من نیکۆلێت دەنێرم بۆ قەلاکەم لە باکوور،لە رێگەدا نیکۆلێت دەتوانێ والاس و پیاوەکانی بدۆزێتەوە و پیلانەکانی پاشایان پێ رابگەیەنێ ".

جەنگەکەی فالکیرک لە جەنگەکەی ستیرلینگ سامناکتر بوو.لە کۆی هەموو خانەدانەکانی سکۆتیدا تەنیا مۆرنەی لەوێ بوو لەگەڵ سەدان سەربازدا، رۆبێرتیش "بروس" نەهات.

رمە بەناوبانگە سکۆتییەکان بەرز کرانەوە. ئەسپسوارە ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە هێرشکردن لەلای راستەوە و ئەو سەربازە ئینگلیزانەی کە ئەسپیان پێ نەبوو و پیادە بوون چەکە تازە سامناکەکانیان تێ گرتە ئەو پیاوانەی کە رمیان پێ بوو لەلای چەپەوە. والاس

فەرمانی دا بە مۆرنەی هێرش بکاتە سەر ئەو سەربازانەی کە پیادە بوون پێش ئەوەی بتوانن دووبارە چەکەکانیان تێ بگرن، بەڵام مۆرنەی هێرشی نەکرد.

لەلای ئینگلیزەکانەوە "قاچ درێژ" بینی کە مۆرنەی دوور لە جەنگەکە بەڕێ کەوت لەگەڵ پیاوەکانیدا. خانەدانە ئینگلیزەکان بە سەرسامییەوە روویان کردە پاشاکە، "قاچ درێژ"یش بۆیانی روون کردەوە و گوتی"کرێکەی بریتییە لە زەوی نوێ لە ئینگلاند و سکۆتلانددا".

ویلیام هەستی بە بێ پشتی کرد. لەگەڵ رۆیشتنی مۆرنەیدا، کەس پارێزگاری لە و پیاوانە ناکات کە رمیان پێیە.سەربازە ئینگلیزە پیادەکان دووبارە چەکە سامناکەکانیان تێ گرتەوە و ئەو پیاوانەی رمیان پێ بوو پارچەپارچە بوون. ئەو سوپا سکۆتییەی کە مابوون چاوەڕێی فەرمانیان نەکرد و بە هاوارکردنەوە بەرەو رووی ئینگلیزەکان چوون. جەنگەکە درێژ و دژوار بوو. سەربازەکان لە هەردوو لاوە بە ئازایی شەڕیان کرد بەڵام ئینگلیزەکان زۆر بوون.

لە کۆتاییی جەنگەکەدا ئەسپسوارە ئینگلیزەکان دووبارە هێرشیان کردەوە. والاس بینییانی کە دەهاتن، یەکەم ئەسپسواری راکێشایە سەر زەوییەکە. رۆبێرت "بروس" بوو، کە شەڕی بۆ ئینگلیزەکان دەکرد! والاس تەماشای روخساری کرد و لەو چرکەیەدا درکی بەوە کرد کە هیچ هیوایەک نییە بۆ سکۆتلاند. ویلیام هەستی بە بێهێزی کرد. رۆبێرت"بروس" شمشێرەکەی لە والاس راوەشاند.

رۆبێرت"بروس" هاواری کرد"شەڕم لەگەڵ بکە! شەڕم لەگەڵ بکە! ".بەڵام والاس ئێستا ناتوانێ شەڕ بکات. والاس ئەڵقە زێڕینەکەی لە پەنجەی کردەوە و فڕێی دایە سەر پێیەکانی رۆبێرت"بروس". ستێپهان بە خێرایی هات و ویلیامی راکێشایە سەر ئەسپەکەی خۆی لە دوای خۆیەوە و دوور لە جەنگەکە بەڕێکەوت.

رۆبێرت"بروس"والاسی بینی کە دەرباز بوو. تەماشای زەوییەکەی کرد و خوێنی پیاوەکانی وڵاتەکەی خۆی بینی، گوتی"هەرگیز جارێکی تر لە پاڵ لایەنێکی هەڵەوە شەڕناکەم".

لە دوای چەند رۆژێک ویلیام لەسەر گۆڕەکەی مۆرۆن بوو.بارانەکە بەقورسی دەکەوتە سەر روخساری. بە دەستە لەرزوکەکانیەوە دەستەسرە سپییەکەی هەڵگرت، کە شتێک بوو لە جیهانێکی باشترەوە.

هەروەها باران لە لەندەنیشدا دەباری. "قاچ درێژ" بە پێکەنینەوە گوتی"خانەدانە سکۆتییەکان رازی بوون بۆئەوەی خزمەتی من بکەن وەکو پاشایان.ئێستاش ئێمە دەتوانین کە سەرباز لە سکۆتلاندەوە بنێرین بۆ شەڕکردن لە ناو سوپاکانمان لە فەڕەنسادا" ئینجا رووی کردە ئیزابێلا و گوتی"زۆر باشە گوڵەکەم،وابزانم ئێمە دەبینین کە والاسەکەت لە کۆتاییدایە".

ئیزابـێلا لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد و چاوەکانی وەکو بارانەکە تەڕبوون .

ویلیـام چەند مـانگێکی لە فـەڕەنسـا و ئیـتـاڵیـا بـەسـەربرد کـە داوای یارمـەتـی دەکـرد بۆ سکۆتلانـد لە پاشای فەڕەنسا و پاپا . ویلیام بە دەستبەتاڵی گەڕایەوە،ئەوان یارمەتـیان نەدا .

ئاغا مۆرنەی لە ناو جێگەدا راکشـابوو و لە پەنجـەرەی ژووره بەرزەکەیەوە تەماشای دەرەوەی دەکـرد. کــە نوست، ســەری پڕبوو لـە وێنـەی ویلیــام والاس ـ کـە بەرەو رووی وەک خــۆی لە فیلّکیـرکدا و شمشێرەکەی بە بەرزی هەڵگرتبوو و مانای کوشتن لە چاوەکانیدا بوو.

مــۆرنەی لەنـاکــاودا گــوێـی لە دەنگی ئەسپ بـوو، نەک لـە دەرەوەی قــەڵاکــە بەڵکو لـە ناوەوە.مـەحاڵە، بە دڵنیـایـیەوە ئەو لەخـەودا بوو. پاشـان گوێـی لە قیڕە و هـاوارکردنیش بوو لە خـوارەوە. ئینجـا بێدەنگی و لە پاشـاندا کتـوپـڕ دەنگی گرمـەیەکی گـەورە هات، ویلیـام والاس بەسـەر ئەسـپـەکـەیەوە هاتە ژووری نوسـتـنەکەی. مۆرنەی هـەرگـیز دووبارە قسـەی نەکردەوە، والاس لەیەک جـووڵەیەکی خـێـرادا مـلی بڕی. پاسـەوانەکـانیش بە واقـوڕمـاوی لە تەنیـشت دەرگەکەوە راوەستابوون.

والاس چاکـەتـێکی فڕێ دایە سـەر سـەری ئەسـپـەکـەی و زۆر بە قـورسـی لە ئـەسـپـەکـەی دا . ئەسـپـەکـەش هـەڵبـەزییـەوە و بـەناو پەنجـەرەکەدا تێ پەڕی و ویلیـام و ئەسـپـەکـەش کـەوتنە ناو گۆمێکەوە. مەلەوانییان کرد بۆ وشکانییـەکە و والاس سەرکەوتە سـەر ئەسپەکەی و بەرەو دوور بەڕێکەوت لە دوای ئەوەوە دەنگی هاوار دەهات" واڵ ـ لاس! واڵ ـ لاس!".

ئیزابـێلا "قاچ درێـژ" و ئێدواردی دۆزیـیەوە کە لە ناو باخچەی قەڵاکەدا بوون. ئێدوارد پـێی گوت"تۆ پـێ دەکەنـی! ئایا هـەواڵەکانت بـیسـتـووە؟ یاخیـبـووەکان دووبارە دەسـتـیان کـردووە بە شـەڕکردن لە سکۆتلانددا" . ئیزابـێلاش گوتی"من پـێ دەکەنم چونکە پیـلانێکم هەیە بۆ گـرتنی والاسەکەتان". ئینجا قسـەی لەگەڵ پاشاکە کرد و گوتی"بـمنێرە بۆ قەڵاکەم لە باکوور بۆ ئەوەی قسـەت بۆ بکەم. والاس متمانەی بە من هـەیە.سـی کەس لە چاکترین بکوژەکانی خۆت بدۆزەوە و منیش شوێـنێک بۆ یەکتربـینین دەدۆزمەوە.ئەویش دێت و ئێمەش، بە ئاسانی دەیکوژین!".

"قـاچ درێـژ"یش کـە ئێسـتـا پـیـر و لاوازە، لە دەمـوچاوە بەهێـزەکەی ئیـزابـێـلا وردبووەوە و گوتی"دەبـینی کوڕە گەمژەکەم، من شاژنێکی راستەقینەم بۆت دۆزیوەتەوە".

هامـیش و سـتـێـپـهـان هـەواڵەکـەیان بـۆ ویلیـام هێنا و گـوتیـان""قـاچ درێـژ" مـیـر خـاتوونی ناردووە بۆ بەستنی ئاگربەست".

ویلیام پرسی"دەیەوێت لە کوێ یەکتر بـبینین؟".

گوتیان" شوێـنەکە زۆر مەترسیدارە ـ لە ناو بـینای کێڵگەکەی ماک ئاندروس!".

ویلیام و هاورێکانی گەیشتنە بینای ناو کێڵگەکە.والاس شمشێرەکەی دایە هامیش بۆئەوەی هەموو کەسێکی ناو بیناکە بتوانێ بیبینێ. بکۆژەکان لە ژوورەوە چاوەڕوان بوون، چەقۆکانیشیان ئامادەبوو. والاس سەرکەوت بۆلای پاسەوانەکان لە دەرەوەی دەرگەکە، لە ناکاودا پاڵی پێیانەوە نا بۆ ژوورەوە و دەرگەکەی داخست.

یاخیبووەکان لە ناو دارەکان بەڕاکردن هاتنە دەرەوە و پارچە داری گەورەیان دانا لە دەوری بیناکە و ئینجا لەسەر زەوییەکە سووتاندیان.

ئیزابێلا توانیی ئەو ئاگرەی قەد دیوارەکانی قەلاکە ببینێ.تەنیا ئەسپسوارێک سەرکەوت بۆ قەلاکە. ئیزابێلا دانیشت و چاوەڕێی کرد. پاش ماوەیەک گوێی لە ژاوەژاوێکی کەم بوو لە دەرەوە بەخێرایی ویلیام لە پەنجەرە بچووکەکەوە هاتە ناو ژوورەکە.

ویلیام گوتی"من یەکسەر تێ گەیشتم، کێڵگەکەی ماک ئاندروس. تۆ ئەو چیرۆکەت هاتەوە یاد کە من پێم گوتی دەربارەی ئەو کاتەی کە منداڵ بووم".

ئیزابێلا دەستی بە دەموچاویدا دەهێنا و بەنەرم ونیانییەوە گوتی"من زۆر خۆشحاڵم بە بینینت، من دەزانم کە تەماشای من دەکەی... مۆڕۆن دەبینی". ئەویش رووی کردە ئەولاوە.

ئیزابێلاش گوتی: "دەبێ ببووری لەوەی کە چۆن هەست دەکەم، هەرگیز هیچ پیاوێک وەکو تۆ تەماشای نەکردووم. شاژن دەبێت پیاوەکەی خۆش بوێت بەڵام هەروەها دەبێت منداڵێکیشی بۆ دروست بکا. لەگەڵ پیاوەکەمدا ناتوانم هەردووکیان بکەم. تەنیا بیر بکەرەوە" ئینجا درێژەی پێ دا و گوتی"لەوانەیە تۆ هەرگیز نەبی بە پاشای سکۆتلاند، بەڵام دەشێ رۆژێک خوێنی تۆ بە ناو لەشی پاشای ئینگلانددا بڕوات".

ویلیام گوتی"من ناتوانم تۆم خۆش بوێت بەهۆی "قاچ درێژ"ەوە".

ئیزابێلاش گوتی"نەخێر. بەڵام تۆ دەتوانی منت خۆش بوێت... تەنیا لەبەرئەوەی من تۆم خۆش دەوێت".

والاس بەیانی زوو بە بێدەنگی بە ئیزابێلای گوت خوات لەگەڵ.

ویلیام بەخێرایی هاوڕێ یاخیبووەکانی دۆزییەوە، هامیش و ستێپهان. ئەوان ئەویان بینی کە دووبارە پڕ بوو لە رق. هەرسێکیان دەستیان کرد بە هێرشکردنە سەر هەر سەربازێکی ئینگلیزی کە لەهەر شوێنێک بیاندۆزیایەتەوە. بۆ ماوەی دوو رۆژ پشوویان نەدا.

خانەدانە سکۆتییەکان ویستیان ئێستا والاس ببینن. گوتیان کە ئەوان دەیانەوێت خزمەتی والاس بکەن نەک "قاچ درێژ".

هامیش سەری راوەشاند و لە ویلیامی پرسی"بۆچی تۆ متمانەیان پێ دەکەیت؟ تۆ دەزانی

که ئەوان دەتدەنە دەست "قاچ درێـژ"ەوە".

ویلیام گوتی" تۆ لەوانەیە راست بکەیت. بەڵام ئێمە ناتوانین بـیـبەینەوە بێ ئەوان، هامیش. یەکگرتن تاکە هیوایەکی سکۆتلاندە".

هامیش هاواری کرد"من نامەوێ بـمرم. من دەمەوێ بژیم!".

ویلیام گوتی"هەروەها منیش. من دەمەوێ ماڵ و خـێزان پـێک بێنم. من لە خـوام پرسی بۆ ئەم شـتـانە،بەڵام ئەو ئەم شـمـشـێـرەی بۆم هێناوە و ئەگـەر خـوا دەیەوێت مـن لە پـێناوی وڵاتەکەمدا بـمرم، درێخی ناکەم".

هەرسـێکیـان بەڕێکەوتن بـۆ شـوێـنی یەکـتر بـینینەکـە. لە رێگەدا ویلیـام چەقۆکـەی دا بە سـتـێـپـهان و شـمشێرەکەشی دا بە هامـیش. ویلیام هەسـتی کرد کە ئەوە دواجارە ئەوان دەبـینـێت.

رۆبـێرت"بروس"گوتی"ئەوە خـۆیەتی، و شمشێریشی پێ نییە. ئەی خودایە، ئەو دڵێکی ئازای هەیە".

ویلیام هاتە ژوورەوە،تەماشـای ناو چاوی رۆبـێرتی کرد. هەردووکیان ئێستا هەمان وێنەیان هاتە بەرچاو ـ سکۆتلاندێکی ئازاد. ویلیام دەستی بەرزکردەوە بۆ رۆبـێرت"بروس".

لە چرکەیەکدا سەربازە ئینگلیزەکان لە هەموو شوێـنێکەوە دەرکەوتن. رۆبـێرت هاواری کرد" نااا !!" کـە هیـچی دەربـارەی ئەم پیـلانە نەدەزانی. ویلیـامـیـان هـەروەکو ئـاژەڵێک بەسـتـەوە ،بەسەر پشتی ئەسپـێکەوە بردیان بۆ لەندەن و فڕێـیان دایە بەندیخانەوە.

"قاچ درێـژ"زۆر نەخـۆش بوو، لە مـردنـا بوو. نەیـدەتوانی بە دەنگ قسـە بکات،بەڵکو تەنیـا بە چاوەکـانی.ئیـزابـێلا رۆیشت بۆ بـینینی، سـەری "قـاچ درێـژ"ی راکـێشـایـە نزیک خـۆیەوە و چرپاندی بەگوێیدا بۆئەوەی ئێدوارد گوێـی لێ نەبێ.

پـێی گوت"دەبـینی؟ هەمـوومـان دەمـرین. واڵاس بەیانی دەمرێ،بەڵام پـێش ئەوەی تۆ بـمری، گوێ لـەمە بگرە، خـوێـنی تۆ لەگەڵ خـۆتدا دەمرێ. خـوێنی ولیام واڵاس لە ناو ئەو منداڵەیـە، کە لەناو مندا گەورە دەبێ!..

ویلیـام واڵاس لە ناو ئاپـۆڕایەکی گـەورەدا لە ٢٣ی ئـابی سـاڵی ١٣٠٥ بـە هێـواشی مـرد، ئینگلیـزەکان بە ناشیرینی لەشیـان شێوان، تا داوای بەخشین بکات، بەڵام ئەو وای نەکرد. لە کۆتا چرکـەکـانی ژیانـیدا هامیش و سـتـێـپـهانی بـینی لە نـاو قـەرەباڵغـیـەکەدا، و لە پشـتی ئەوانیشەوە مۆڕۆنی بـینی. بۆ ساتـێک هەستی بە بەهێزی کرد،و هاواری کرد" ئـێـمـە ئـــازاد دەبـیـن!".